**بەش: زانستە سیاسییەکان**

**کۆلێژ: یاساو زانستە سیاسییەکان**

**زانکۆ: سەلاحەددین- هەولێر**

**بابەت: راگەیاندن ورای گشتی**

**پەرتووکی کۆرس: قۆناغی چوارەم**

**ناوی مامۆستا: م. شاخوان محمد صالح (ماستەر "مامۆستای یاریدەدەر")**

**ساڵی خوێندن: ٢٠١٨ - ٢٠١٩**

# پەرتووکی کۆرس

# Course Book

| | |
|---|---|
| ١. ناوی کۆرس: | راگەیاندن ورای گشتی |
| ٢. ناوی مامۆستای بەر پرس: | م. شاخوان محمد صالح |
| ٣. بەش/ کۆلێژ: | زانستە سیاسییەکان/ کۆلێژی یاساو زانستە سیاسییەکان |
| ٤. پەیوەندی: | ئیمێل: shakhawan.salih@su.edu.krd<br>ژمارەی موبایل: ٠٧٥٠٤٨٦٨٨١٦ |
| ٥. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک: | دوو (٢) کاژێر "سەعات" لە هەفتەیەکدا، بۆ هەر گروپێك. |
| ٦. ژمارەی کارکردن: | دوو (٢) کاژێر"سەعات" لە هەفتەیەکدا، بۆ هەر گروپێك. |
| ٧. کۆدی کۆرس: | -------- |
| ٨. پرۆفایەلی مامۆستا: | - ناو: شاخوان محمد صالح<br>- مێژوو وشوێنی لەدایك بوون: ١٩٨١/٣/١١ قادرکرم - کرکوك.<br>- مامۆستای یاریدەدەر لە کۆلێژی یاساو زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.<br>- هەڵگری براوانامەی (ماجستێر) لە زانستە سیاسییەکان بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان لە کۆلێژی یاساو زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، ساڵی ٢٠١٢، ناونیشانی تێزی ماجستێر (السياسة الخارجية التركية تجاه العراق ٢٠٠٢ - ٢٠١٠ " التطورات والمشكلات".<br>- یاریدەدەری راگری کۆلێژی زانستە رامیارییەکان.<br>- لێکۆڵەری سیاسی لە کۆمەڵەی زانستە سیاسیەکانی کوردستان (K P S A).<br>- توێژەر لە سەنتەری سیاسی و ستراتیژی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر (C P S S).<br>- بەڕێوبەری کارگێری ودارایی رێکخراوی حوکمڕانی باش لە پێناو گەشەپێدان.<br>- ئەندام لە یەکێتی مامۆستایانی کۆردستان. |

| | |
|---|---|
| - بەرهەم وبڵاوکراوەکانی:<br>- خاوەنی چەندین بابەتی شیکاری وبابەتی ڕۆژنامەوانی لە ڕۆژنامە وگۆڤار وپێگە ئەلیکترۆنیەکان، وە چەندین چاوپێکەوتن لە تلفزیون وکەناڵە ئاسمانیەکان. | |

**١٠. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**

گرینگی وئامانجەکانی ئەم کۆرسە لەم خاڵانەی لای خوارەوەیە:

١- ئەم کۆرس بووکە هەوڵدەدات تیشك بخاتە سەر بابەتی راگەیاندن ورای گشتی وهۆکاری گەشەسەندن وپەرەسەندی بەشێوەیەکی بەربڵاو وفراوان، هەروەها تێگەیشتنێکی سەردەمیانە سەبارەت بە مانا وچەمکی راگەیاندن ورای گشتی و گرنگی وبایەخپێدانی لە لایەن بەشی زانستە سیاسیەکانەوە.

٢- هۆکارێکە بۆ ئاشناکردنی قوتابیان بە بابەتی راگەیاندن ورای گشتی کەپێویستە قوتابی بەشی زانستە سیاسیەکان شارەزای هەبێت لەسەریان، هەروەها ئاماژە کردن بەو هۆکارانەی (ناوخۆی ودەرەکی) کە رۆڵیان بینیوە ودەبینن لە سەرخستن وبڵاوبوونەوەیان بە شێوەیەکی بەرفراوان.

- بابەتی راگەیاندن ورای گشتی بەشێوەیەکی فراوان تەشەنەی کردوەو کاریگەری بەرچاوی بینیوەو هەیە بەسەر هەموو جومگەکانی ژیانی رۆژانەماندا، بۆیە پێویستە قوتابی شارەزایەکی زانستی وباشی هەبێت لەسەر ئەم بابەتە بتوانێت جیاوازی سوود لە ئەزمونە سەرکەوتووەکان ببینێت وەهەروەها توانای دیاریکردنی ئەو هۆکار وپاڵنەرانە بێت کە فاکتەری پێشکەوتن وپاشکەوتنی راگەیاندن ورای گشتی بوون لە هەرێمی کوردستان.

**١١. ئامانجەکانی کۆرس:**

لەم ساڵی خوێندندا چەندین بابەتی گرنگ لە چوارچێوەی وانەی راگەیاندن ورای گشتی دا دەخوێندرێت کە باس لە بایەخ وگرنگی راگەیاندن ورای گشتی دەکات بە شێوازێکی زانستی وئەکادیمی، لەسەر سەرەتای سەرهەڵدانی وچۆنیەتی پەرەسەندی وپاشان دراسەکردن وخوێندنەوەیەکی بابەتیانە بۆ راگەیاندن ورای گشتی لەسەر ئاستی جیهانی ونێودەوڵەتی وهەریمی بەتایبەتی دیاریکردنی رۆڵی لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، وەئاماژە بە گرنگترین هۆکار وکاریگەریەکانیان.

**١٢. ئەرکەکانی قوتابی:**

ئێمە وەك مامۆستای وانە هەوڵمانداوە بەرپرسیارێتی قوتابیو خوێندکار دیاریبکەین، کە خۆی دەبینێتەوە لە "ئامادەبوونی قوتابیانو خوێندکاران لە پۆلو تاقیکردنەوەکانو ڕاپۆرت و کورتکردنەوەو خوێندنەوە بۆ پەرتوکێکی زانستی ونویە کان ... هتد.

**١٣. ڕێگەی وانە ووتنەوە:**

ئێمە وەك مامۆستای وانە سود لە داتاشۆو پاوەرپۆینت و تەختەی سپی و پەرتوك و هەر ڕێگایەکی دیکەی گونجاو وەردەگرین بۆ وانە ووتنەوە.

**١٤. سیستەمی هەڵسەنگاندن:**

وەك مامۆستای وانە بەم جۆرەی لای خوارەوە هەڵسەنگاندن بۆ قوتابیانو خوێندکاران دەکەین:

١. لە ڕێگای تاقیکردنەوەی مانگانە.

٢. لە ڕێگای کویزەکان.

٣. لە ڕێگای گفتوگۆی ناو پۆل.

٤. لە ڕێگای ڕاپۆرت و وتار نووسین.

٥. لە ڕێگای ڕێژەی ئامادەبوونو نەبوونی لە پۆلدا.

٦. لە ڕێگای گفتوگۆکردن لە سە ر تازە ترین ڕووداو بابە تە ناوخۆی ونیودە ولەتیە کان ودە رخستنی رۆلی راگە یاندنە کان ورای گشتی .

هەرجۆرە هەڵسەنگاندنێك نمرەی تایبەتی خۆی لەسەرە، بۆ نموونە تاقیکرنەوەی مانگانە ١٥ نمرە، کویزەکان ٢ نمرە، گفتوگۆ و چالاکی ناو پۆل ٣ نمرە، ئامادەبوون ٤ نمرە و .... هتد.

**١٥. دەرئەنجامەکانی فێربوون:**

ئامانجی ڕوونی ئەم بابەتە بریتییە لە یارمەتیدانو هاوکاریکردنی قوتابیان و خوێندکارانی قۆناغی چوارەمی بەشی زانستە سیاسییەکان بۆ ئەوەی تێڕوانینو بیروبۆچونو ڕۆشنبیریەکی باشیان هەبێت سەبارەت بە راگەیاندن ورای گشتی، هەروەها قوتابیانی ئەم قۆناغە پێویستییەکی زۆریان بەخوێندنی ئەم بابەتە هەیە بۆئەوەی بتوانن چوارچێوەی پسپۆری خۆیان بەشێوەیەکی زانستیو ئەکادیمی دیاری بکەن، لەبەرئەوەی ئەم بابەتە بە شێوەیەکی باش باس لە راگەیاندن ورای گشتی چۆنیەتی پێشکەوتنی دەکات هەول دەدات ترس وشەرمی قوتابیان نەهێلێت وببنە کەسێکی لێوەشاوە وبەتوانا لە بوارەکەیاندا.

وە لە ڕێگەی ئەم بابەتەوە قوتابیو خوێندکارێکی هۆشیارو رۆشنبیر پێدەگەینین بۆ نێو بازاری کارو دامەزراوە فەرمیەکانی حکومەت.

وە دیارترین ئەو خاڵانەی کە دەبێت خوێندکار فێریان ببێت لە کۆتای ئەم کۆرسەدا:

١. چوارچێوەی تیۆری چەمکەکان "چەمکی راگەیاندن ورای گشتی ".

٢. قۆناغەکانی راگەیاندن ورای گشتی.

٣. ئەرك ورۆڵی راگەیاندن ورای گشتی .

٤. کاریگەری راگەیاندن ورای گشتی لە هەرێمی کوردستان .

٥. راگەیاندن ورای گشتی کۆمەڵگای هاوچەرخ.

**١٦. ليستى سەرچاوە:**

**- سەرچاوە بنەڕەتیەكان:**


١- د. سناء محمد الجبور، الإعلام والرأي العام العربي والعالمي، دار الاسامة للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠١٠ .

٢- د. هاني الرضا و د. رامز عمار، الرأي العام والاعلام والدعاية، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٩٨ .

٣- بسام عبدالرحمن المشاقبة، نظريات الإعلام، دار أسامة للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠١١.

٤- د. مؤيد عبدالجبار الحديثي، العولمة الإعلامية، الأهلية للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٢ .

٥- د. حميده سميسم، نظرية الرأي العام، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٢.

٦- عادل شاسواری، ئەركەكانی راگەیاندن بەكۆمەڵایەتیبوون وەك ئەركێك، ناوەندی چوار چرا، هەولێر، ٢٠١٣.

٧- ملڤین ل. دیفلیر وئەوانی دیكە، تیۆرەكانی راگەیاندن، و: د. سەنگەر حاجی، چاپخانەی خانی ، دهوك، ٢٠١٢.

٨- هەردەوان مەحمود، میدیای نوێ وكاریگەرییەكانی، چاپخانەی كوردستان، سلیمانی، ٢٠١٥.


**- سەرچاوەی سوودبەخش:**


١- پەیمانگەی بانكی نێودەوڵەتی، مافی گەیاندنی میدیا جەماوەریەكان وگەشەسەندنی ئابووری، و: عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە.

٢- د. نبيهة صالح السامرائي، علم النفس الإعلامي (مفاهيم – نظريات - تطبيقات)، دار المناهج للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٧.

٣- گۆڤاری هەنگاو، ژمارە (٧)ساڵی سێهەم، وەرزە گۆڤارێكی وەرگێرانی فیكری وكلتورییە، بەهاری ٢٠٠٤ .

٤- سامی ژوبیان، دەروازەیەكی تیوری وپراكتیكی بۆ رۆژنامەگەریی رۆژانە وراگەیاندن، و: هاوژین عومەر، چاپخانەی خانی، دهوك، ٢٠٠٩.

٥- كەنعان بەهادین، میدیاكراتی، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٣.

٦- حەبیب كەركووكی، پێشەكییەك بۆ زانستی راگەیاندن، و: رابەر رەشید، چاپخانەی خانی، دهوك، ٢٠٠٨.

٧- د. هانی ئەلرەزا ود. رامز عەممار، رای گشتی و راگەیاندن وبانگەشەكردن، و: ئەحمەد سەلام، خانەی وەرگێران، ساڵ نیە.

| ١٧. بابەتەکان: | ناوی مامۆستای وانەبێژ |
|---|---|
| وانەی یەکەم:<br>ڕاگەیاندنو ماهیەتەکەی، ڕۆڵی، پێشکەوتنو گەشەسەندنی، وە پێگەکەی. | م. شاخوان محمد صالح<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠١٨/١٠/٢ |
| وانەی دووەم:<br>ڕاگەیاندنو چەمكو زاراوە لێکچووەکانی. | م. شاخوان محمد صالح<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠١٨/١٠/٩ |
| وانەی سێیەم:<br>پروپاگەندە، مێژووی، وە ڕۆل وپێناسەی پروپاگەندە، جیاوازی و هاوبەشی لەگەڵ ڕاگەیاندن. | م. شاخوان محمد صالح<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠١٨/١٠/١٦ |
| وانەی چوارەم:<br>ڕیکلام، جیاوازی و هاوبەشی لەگەڵ ڕاگەیاندنو پروپاگەندە. | م. شاخوان محمد صالح<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠١٨/١٠/٢٣ |
| وانەی پێنچەم:<br>مێژووی ڕاگەیاندن | م. شاخوان محمد صالح<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠١٨/١٠/٣٠ |
| وانەی شەشەم :<br>ئەرکو ڕۆڵەکانی ڕاگەیاندن. | م. شاخوان محمد صالح<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠١٨/١١/٦ |
| وانەی حەوتەم:<br>ئامرازەکانی ڕاگەیاندن. | م. شاخوان محمد صالح<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠١٨/١١/١٣ |

| | |
|---|---|
| وانەی هەشتەم:<br>تیۆرەکانی ڕاگەیاندن. (تیۆری دەسەڵات، تیۆری ئازادی) | م. شاخوان محمد صالح<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠١٨/١١/٢٧ |
| وانەی نۆیەم:<br>تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و تیۆری سۆشیالستی، تیۆری شۆڕشگێری | م. شاخوان محمد صالح<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠١٨/١٢/٤ |
| وانەی دەیەم:<br>تیۆری گەشەپێدانو تیۆری بەشداری دیموکراسی. | م. شاخوان محمد صالح<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠١٨/١٢/١١ |
| وانەی یازدەیەم:<br>تیۆری ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی هاوچەرخ، تیۆری بەرپرسیارێتی میدیای (ڕاگەیاندنی) جیهانی | م. شاخوان محمد صالح<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠١٨/١٢/١٨ |
| وانەی دوانزەیەم:<br>کاریگەریەکانی شۆرشی پەیوەندیەکان لە دروست بوونی جیهانگیری راگەیاندن | م. شاخوان محمد صالح<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠١٩/١/٨ |
| وانەی سیازدەیەم:<br>جیهانگیری راگەیاندن (رووبەرووبونەوەی تەکنەلۆژی) | م. شاخوان محمد صالح<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠١٩/١/١٥ |
| وانەی چواردەیەم:<br>جیهانگیری راگەیاندن و وەزیفەی پەیوەندییە نێو دەوڵەتیەکان | م. شاخوان محمد صالح<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠١٩/١/٢٢ |

| | |
|---|---|
| وانەی پانزەیەم:<br>هەرێمی کوردستان و جیهانگیری راگەیاندن. | م. شاخوان محمد صالح<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠١٩/١/٢٩ |
| وانەی شانزەیەم:<br>ڕای گشتی وئیشکالیەتی (زاراوەو وچەمك پێناسەی) | م. شاخوان محمد صالح<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠١٩/٢/٥ |
| وانەی حەڤدەیەم:<br>سروشتیو تایبەتمەندیەکانی ڕای گشتی | م. شاخوان محمد صالح<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠١٩/٢/١٢ |
| وانەی هەژدەیەم:<br>جۆرەکانی ڕای گشتی | م. شاخوان محمد صالح<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠١٩/٢/١٩ |
| وانەی نۆزدەیەم:<br>فاکتەرەکانی پێکهێنانی ڕای گشتی (ژینگەی سروشتی، داب ونەریت، ئاین) | م. شاخوان محمد صالح<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠١٩/٢/٢٦ |
| وانەی بیستەم:<br>فاکتەرەکانی پێکهێنانی ڕای گشتی (بارودۆخی سیاسی وئابووری، تاقیکردنەوە ورووداوە گرنگەکان، پێشەواو سەرکردەکان، بارودۆخی نێودەوڵەتی). | م. شاخوان محمد صالح<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠١٨/٣/٢٦ |
| وانەی بیستو یەکەم:<br>ڕێگاکانی پێوانە کردنی ڕای گشتی (ڕێگای راپرسی). | م. شاخوان محمد صالح<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠١٩/٤/٢ |

| | |
|---|---|
| وانەی بیستو دووەم:<br>ڕێگاکانی پێوانە کردنی ڕای گشتی (ڕێگای مەسح). | م. شاخوان محمد صالح<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠١٩/٤/٩ |
| وانەی بیستو سێ یەم:<br>ڕێگاکانی پێوانە کردنی ڕای گشتی (ڕێگای ڕێگای شیکردنەوەی ناوەرۆك) | م. شاخوان محمد صالح<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠١٩/٤/١٦ |
| وانەی بیستو چوارەم:<br>ڕای گشتیو تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخ. | م. شاخوان محمد صالح<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠١٩/٤/٢٣ |
| وانەی بیستو پێنچەم:<br>هەرێمی کوردستانو ڕای گشتی. | م. شاخوان محمد صالح<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠١٩/٥/١٤ |

**١٨. بابەتی پراکتیک:**

بابەتە پراکتیکیەکانی کۆرسەکەمان خۆی لە گفگتوگۆ و سیمیناری قوتابیو خوێندکاران دەبینێتەوە.

**١٩. تاقیکردنەوەکان:**

پرسیار: یەکێك لە ئەرکەکانی ڕاگەیاندن پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییە شرۆڤەی بکە بەکورتی؟.

وەڵام: ئەم ئەرکەی ڕاگەیاندن پەیوەستە بە گواستنەوەی پاشماوەی کۆمەڵایەتی لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، وەهیچ گومانیش لەوەدا نییە کە ڕاگەیاندن کاریگەری هەیە بۆ سەر دامەزراوە فیرکاری وپەروەردەیی ورۆشنبیری وکۆمەڵایەتییەکان، لەکاتێکدا ڕۆشنبیرییەکی دیاریکراو بەسەر هەموو چین وتوێژەکانی کۆمەڵگادا پەخش دەکات وئەویش دەبێتە هۆی زیندووکردنەوەی کەلەپور وبوارە کۆمەڵایەتی بەدرێژای نەوەکان. ئەمەش بەهۆی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە:

أ- بەدیهێنانی ئەوپەڕی زانین بەجۆرەکانییەوە وکارکردن بۆ گونجاندن وریکخستنی ئەو زانیارییە وشیکردنەوەی بەشێوازێك کە کۆمەڵگا لێی تێبگات.

ب- پەرەپێدانی چالاکییە ڕۆشبیری وکۆمەڵایەتییەکان وگوزارشت کردن لە شارستانێتی ورۆشنبیری

کۆمەڵگا.

ئەوەی جێگەی ئاماژە پێکردنە کەوا کۆمەڵێك لە پسپۆران ئەم ئەرکە ناوزەند دەکەن بە ((ئەرکی پێشخستن وهاوچەرخکردنی کولتورەکان)) مەبەست لەمەش جگە لەوەی ئەرکی راگەیاندن گواستنەوەی کلتورەکانە لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکەیە لەهەمان کاتدا شۆڕشی زانیارییەکان وتەکنەلۆژیای پێشکەوتوو دەتوانێ ئەو کلتورە لۆکاڵیانە لەسەرئاستی دونیادا پەخش وبڵاوبکاتەوە وجۆرێك لە بەجیهانی بوونیان پێ ببەخشێ وەلەگەل ئەو باردۆخ وزەمانەدا بیانگونجێنێ.

پرسیار: دیارترین جیاوازیەکانی نێوان تیۆری ئازادی وتیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵاتی چیە؟

وەڵام:

١. لە لایەنی تێگەیشتنیان بۆ سروشتی مرۆڤایەتی: تیۆری ئازادی رەها تیشکی خستە سەر سیفاتەکان ئینسان کە عەقلانی وئەخلاقیە وەلەسەر هەوڵ ەتێکۆشانی بۆ بەدەستهێنانی راستی ودەست گرتن پێوەی، ئەمەش بەوەی کەوا هەموان گوزارشت لە بیرو بۆچوون وباوەڕیان (چاکە وخراپە) ئەوا ئەمەلی دۆزینەوەی راستی بوونی دەبێت، هەر بۆیە پێویست ناکات بەبیرهێنانەوەی ناشرەکان بەلێپرسراویەتیە گشتیەکانیان چونکە باوەڕیان بە بەها ئەخلاق وکەرامەتی پیشەییان ئەبێتە رێگر لە نیوانیان ونیوانی هەڵەکردن، تەنانەت گەر کەمینەیەکیش هەڵە بکەن ئەوا ئەوانی دیکە هەڵە وفیڵ ودرۆکانیان کەشف دەکەن چونکە عەقڵی کۆمەڵە ولۆژیکەکەی (کۆمەڵ)بەرێوەی دەبات، لەهەمان کاتدا تیۆری بەرپرسیارێت کۆمەڵایەتی ئینکاری عەقلانیەتی ئینسان ناکات گەرچی باوەڕی بەعەقڵانیەتی ئینسان بە پلەیەکی کەمترە لە تیۆری ئازادی بەڵام تۆشی رووبەرووبونەوە دەبێتەوە لەگەڵ تیۆرە ئازیدا بەتاییەت کەوت ئینسان هەوڵ دەدات بەشێوەیەکی سروشتی (فیگری) بۆ گەڕان بەدوای راستی ودەست پێوەگرتنی لە سۆنگەی ئەوەی کەوا مرۆڤ توانای بەکارهێنانی عەقڵی هەیە بەڵام نابێت ئەوە لەبیر بکرێت، گەر ویستی بەئازادی بمێنێتەوە ئەوا دەبێت عەقڵی حوکم بکات کەوا چی دەبینێ یا دەبیستێ لەسەر ئەمە بۆیە پێویستە لەسەر فاکتەرەکانی کۆمەڵگای تێگەیشتوو کەوا تەشجیعی ئینسان بکات بۆ بینینەوەی راستی وگەڕان بەدواییدا نەك تەنها رازی کردنی پێداویستیە راستەوخۆکانی وویستەکانی.

٢. تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بڕوای بەکرداری چاککردنی خودی نیە بەراورد بە تیۆری ئازادی، لەم لایەنەوە یەکێك لە پێشەنگەکانی تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی کە (کولینجە) ئەپرسێت: "گەر ئەو بنەمایەی کەوا ئینسان بونیاتی دەنێت ملکەچ کردنی هەموو بیر وڕاکانە بۆ وگفتوگۆ ولێك تێگەیشتن، ئایە بنەما وپرەنسیپێك هەیە کەوا حوکمی ئەو گفتوگۆیە بکات کۆتای پێ بهێنێت؟ وەئایە لە نیوان ئەوانەی گفتوگۆ دەکەن یەکێك هەیە بڕیار بدات بە بردنەوە یاخود دۆڕاندندا؟

پرسیار: ئەو گرفت وبەربەستانە بژمێرە کە لە وڵاتە تازە پێگەیشتوەکاندا رێگر بوون لەکارابوونی دەستگاکانی رای گشتی وناهێڵن بەتەواوی رۆڵی خۆیان بگێرن؟

وەڵام:

١- بزربوونی یا ناکاریگەری دەستگاکان.

٢- پاشکۆیەتی.

٣- بزربوونی پسپۆران وتەکنیککاران.

٤- توێژەرەوەکان وهەڵوێستیان لە سۆسەکردنی رای گشتی.

١- بزربوونی یا ناکاریگەری دەستگاکان.

ئەو دەوڵەتە تازە پێگەیشتووانەی نەیانتوانیوە دەستگای دەوڵەتێکی هاوچەرخ بۆ خۆیان بونیات بنێن، دیارە ناتوانن گەشە بەکۆمەڵگەی شارستانی بدەن تا هاوبەشی بکەن لەکارە سیاسییەکاندا، ئەم دەلاقەیەش هێندە فراوانە لە نێوان دەستەی فەرمان رەوایان و لە نێوان گەلدا ئیتر بەتەنگەوە نەهاتن وبایەخ نەدان بەزانینی بیروراکانی هاووڵاتیان بۆ خۆی دەبێتە مایەی بزربوونی ئەو دەستگایانەی بەتەنگ پێوانەکردنی رای گشتییەوە دەبن.

٢- پاشکۆیەتی (التبعیە).

جگە لەوەی پاشکۆیەتی دەستگاکانی سۆسەکردنی رای گشتی – هەرچەندە کەمیش بن - بۆ حکومەتەکان، دەبنە مایەی رێگرتن لە ئازادی جووڵانەوە لە چۆنیەتیی دەستنیشانکردنی ئەو بابەتانەی شایان بە پێوانەکردنی رای گشتین، هەر بۆیە دەبینین زۆری بەتەنگ بابەتەکانی کۆمەڵایەتی یا ئابووری یا هونەرییەوە دێن، کەچی تا بۆیان بکرێ لە بابەتە هەستیارەکانی وەك سیاسەت خۆیان دەدزنەوە.

٣- بزربوونی پسپۆران وتەکنیککاران.

دەستگاکانی پێوانەکردنی رای گشتی – ئەگەر هەبن – بەدەست کەمیی شارەزایانی رای گشتی وتوێژەرانی بەتواناوە دەناڵێنن، ئەمەش بۆ خۆی کار دەکاتە سەر کەم وکوورتی بەرنامەیی لە پانتایی رای گشتیدا بە تایبەتی لە بواری هەڵبژاردنی بابەتی سۆسەکردن وکۆکردنەوەی زانیاری نموونەیی هەروەها راڤەکردن وخستنەرووی ئەنجامەکان ونووسینەوەی راپۆرتی کۆتایی.

٤- توێژەرەوەکان وهەڵوێستیان لە سۆسەکردنی رای گشتی

بۆ پێوانەکردنی رای گشتی دەبێ بابەتە توێژینراوەکان ببنە مایەی باس ولێکۆڵینەوە، هەروەها دەبێ توێژەر ئەو رایانە تۆمار بکات بەتایبەتی لەناو وڵاتە تازە پێگەیشتووەکاندا چونکە لە رێی نەخوێندەوارییە بەربڵاوەوە ئیتر لەوێدا بە شێوەیەکی راستەوخۆ راپرسی دێتە ئاراوە لەنێوان خاوەن پۆسیار وهاووڵاتییاندا.

کەسایەتی باسکەر لەلایەن باسلێکراوەوە سەبارەت بەرای گشتی وەك کەسایەتییەکی نامۆ دێتە بەرچاو، بەڵکو تەنانەت وای دەبینێ کە پیاوانی حکومەتن یان (فەرمانبەرانی دەوڵەت)ن.

٢١. پێداچوونەوەی هاوەڵ:

ئەم پەرتووکی کۆرسە شیاوەو بە وردی وزانستی پرکراوەتەوە، لەلایەن م. شاخوان محمد صالح.

هاوەڵ:

دکتۆر شەماڵ حسێن مستەفا